# تەریقەتی نەقشبەندی
## رووبارە تیشکێک لە نەخشەی کوردستاندا



فەرهاد شاکەلی

**✿ بەبۆنەی تاوانەکانی ئەم دواییەی تیرۆریستان دەرهەق بە مەزاری شێخانی نەقشبەندی لە باخەکۆن ئەنجامیان دا، داوامان لە بەڕێز فەرهاد شاکەلی کرد، کە وتارێک سەبارەت پاشخانی مێژوویی و گرنگیی تەریقەتی نەقشی لە مێژووی سیاسیی و فەرهەنگیی نەتەوەی کورددا بنوسێت، ئەویش بە سوپاسەوە ئەم وتارە بەپێزەی بۆ ناردین.**

**گوڵان**

### نەقشبەندی لە کۆنفرەنسێکی زانستیی نێونەتەوەییدا

لە سەرەتای هاوینی ١٩٩٧دا، ئەنستیتووتی سوێدیی توێژینەوە لە ئەستەمبووڵ (Swedish Research Instituto In Istanbul) کۆنفرەنسێکی سێ‌ڕۆژەی ڕێکخست بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە مێژووی پەیدابوون و گەشەکردن و هەلومەرجی ئێستای تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاسیای رۆژاوا و ناوەندی.

ئەنستیتووتەکە بۆ ئەم کۆنفرەنسە کۆمەڵێ ئاکادیمی و زانستکاری زانستگە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپا، ئەمەریکا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بانگ کردبوو. کۆنفرەنسەکە لە رۆژانی ٩ تا ١١ی حوزەیرانی ١٩٩٧دا لە بارەگای ئەنستیتووتەکە لە شەقامی ئیستیقلال لە ئەستەمبووڵ بەڕێوەچوو. لە سوێدەوە سێ کەس بانگ کرابوون: پرۆفیسۆر بوو ئووتاس، پرۆفیسۆری زمانانی ئێرانی لە زانستگەی ئۆپسالا، کە شارەزاییەکی باشی لە بواری تەسەوفدا، بەتایبەت لە ئێران و ئەفغانستان، هەیە؛ دۆکتۆر لەیف ستێنبێرگ، مامۆستا لە زانستگەی لووند و شارەزای تەریقەتی نەقشبەندی لە سووریا؛ بەندەیش، کە تاکە کورد بووم لەو کۆنفرەنسەدا، بەناوی زانستگەی ئۆپسالاوە.

لەناو ئامادەبووانی کۆنفرەنسەکەدا دوو کەسی، بەلای منەوە، سەرنجڕاکێش هەبوون؛ یەکەمیان پرۆفیسۆر حامد ئەلگار، مامۆستا لە بەشی رۆژهەڵاتی نزیک لە زانستگەی کالیفۆرنیای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، مامۆستا ئالگار خۆی لە بنەچەدا ئینگلیزە، خەڵکی ئینگلستانە و، نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر بووە بە موسوڵمان، لە بواری زانستی و ئەکادێمیدا هێندەی پێوەندیی بە ئیسلام و تەریقەتی نەقشبەندییەوە هەیە، یەکێکە لە پسپۆر و زانا هەرە گەورەکانی دنیای ئەمڕۆ، تا ئێستا دەیان و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی گرنگی نووسیوە و بڵاوکردوونەوە و لە کۆبوونەوە و کۆنفرەنس و کۆنگرە زانستییەکاندا، لەمپەڕ تا ئەوپەڕی دنیا، بەشداریی کردووە. ئالگار کورد و کوردستان و نەقشبەندییەکانی کوردستانیش زۆر چاک دەناسێت. بەهۆی ئەوەوە کە ساڵانێکی زۆرە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی تەریقەتی نەقشبەندییە، عەشق و خۆشەویستییەکی یەکجار زۆری بەرانبەر حەزرەتی مەولانا خالدی نەقشبەندیی جافی شارەزووری (١٧٧٩-١٨٢٧) هەیە. هەر ئەو کاتە مژدەی ئەوەی دامێ کە خەریکی نووسینی کتێبێکی گەورە و فراوانە لەسەر مەولانا. من پێشتر بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی مامۆستا ئالگارم خوێندبوونەوە و دووراودوور دەمناسی، بەڵام راستەوخۆ چاومان بە یەکدی نەکەوتبوو. ئەو کۆنفرەنسەی ئەستەمبووڵ فەڕێکی گەورە بوو بۆ من کە لە ماوەی سێ چوار رۆژدا لە نزیکەوە مامۆستا ئالگارم ناسی و ئەویش لوتفێکی زۆری بەرانبەرم هەبوو. ڕێکەوتیش وا بوو ئەو دانیشتنەی کە من لێکۆڵینەوەکەی خۆمم تێدا پێشکەش دەکرد، ئالگار دەیبرد بەڕێوە، کە من لە باسەکەم بوومەوە مامۆستا کۆمەڵێ قسەی جوانی لە بارەیەوە کرد و زۆری پەسن دا، تا ئەو رادەیەی وتی زۆر شتی تازە لەو نووسینەوە فێر بووە، ئەمەیش بۆ من شانازییەکی کەم نەبوو، مامۆستا ئەوەندە زمان دەزانێت کە بۆ قسەکردن لەگەڵ هیچ کەسێکدا پەکی ناکەوێت.

کەسی دووەم پرۆفیسۆر کۆرکوت ئۆێزال بوو، وەزیری پێشووی ناوخۆی تورکیا و برا بچووکی سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تۆرگوت ئۆێزال و سەرۆکی جارانی پارتی دیمۆکرات لە تورکیا. ئۆێزال پیاوێکی سادە و قسەخۆش و سۆفیمەشرەبە. رۆژی یەکەمی کۆنفرەنسەکە هێشتا لە هۆتێل بووین، ئۆێزال هات و دەیویست بزانێ جێگەی دانیشتنەکان لە کوێ دەبێت. پرۆفیسۆر ئووتاس و من راوەستابووین قسەمان دەکرد، ئۆێزال هات و پرسیاری لێ کردین ئایا ئێمەیش بۆ ئەو کۆنفرەنسە هاتووین. ئێمە، هەر نەبێ من، نەماندەزانی ئەمە کێیە، ئیدی بە پیاسە هەر سێمان بەرەو هۆڵی دانیشتنەکە کەوتینە ڕێ. لە ڕێگا کەوتە قسە و باس، لە منی پرسی خەڵکی کوێم، وتم کوردستانی خواروو، وتی کام ناوچە؟ وتم کەرکووک، وتی کەرکووک شارێکی تورکییە، بەشێنەیی و لەسەرخۆ وەرامم دایەوە کە نەخێر شارێکی کوردییە، ئیدی لەسەری نەڕۆیی. لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا گەلێ جار پێکەوە قسانمان کرد، بەڵام هەرگیز هەستم نەکرد بە قسە و باسەکانم ئاڵۆز یا رووگرژ ببێت، ئەگەرچی من زۆر جار وا ڕێک کەوت کە ناچار ببم بە توندی باسی کورد بکەم و تەنانەت هێرشیش ببەمە سەر تورکیا. ئۆێزال خۆی موریدی نەقشبەندییە و ڕێبەر (مورشید)ەکەی شێخ محەمەد زاهد کۆتکۆ بووە، لێکۆڵینەوەکەی ئۆێزال لە بارەی ئەم شێخەوە بوو کە ماوەی بیست ساڵ مورشیدی بووە.

لەو کۆنفرەنسەدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی جیاواز، کە ناوچە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان دەگرتەوە، پێشکەش کران. لە کۆی ئەم لێکۆڵینەوانە دوازدە دانەیان لێ هەڵبژێردرا و لەلایەن پرۆفیسۆر ئەلیزابێت ئۆێزدالگاوە، کە خۆی سوێدییە و شووی بە تورکێک کردووە و لە زانستگەیەکی ئانکارا مامۆستایە. ئێدیت کرا. ئەنجامەکەی کتێبێکی چاپ و نایابی ١٨٧ لاپەڕەیی لێ دەرچوو کە ساڵی ١٩٩٩ بەم ناوونیشانە بڵاوکرایەوە: نەقشبەندی، لە ئاسیای رۆژئاوا و ناوەندی، گۆڕان و بەردەوامی (Naqshbandis In Western and Central Asia Change and continuity) بەشداری بەندە لە کۆنفرەنسەکە و کتێبەکەدا لێکۆڵینەوەیەک بوو لە بارەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانەوە، واتە بنەماڵەی شێخانی سیراجوددین و ناونیشانەکەی ئاوەها بوو: شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و کەلەپوری خالیدی موجەددیدی لە کوردستان، (The Naqshbandi Sheikhs of hawraman and the Heritage of Khalidiyya-mujaddijdiyya in kurdistan) لاپەڕەی ٨٩-١٠٠.

یەکێ لە بەرنامە گرنگەکانی کۆنفرەنسەکەی ئەستەمبووڵ سەردانی خانەقای حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددینی دووەم بوو (١٨٩٦-١٩٩٧)، کە لە ناوچەی (بویوک چەکمەجە)ی نزیکی ئەستەمبووڵ بوو. حەزرەتی شێخ چوار مانگ لەوەوبەر کۆچی کردبوو. من لە کاتی کۆچی شێخدا نەمتوانی بچم بۆ ئەستەمبووڵ، دوو سێ مانگ دواتر چووم. لەو سەفەرەمدا لەگەڵ کوڕانی حەزرەتی شێخ، جەنابی کاکە مەلیک و کاکە ناسیح و کاکە مادحدا، ڕێک کەوتین کە کۆنفرەنسەکەی نەقشبەندی ڕێک خرا، هەموو ئامادەبووان بانگهێشتن بکەین بۆ خانەقا، تا لە نزیکەوە لەگەڵ ئاداب و ڕێوڕەسمی تەریقەت و خانەقادا ئاشنا بن، کە ئەم پێشنیازەم بە پرۆفێسۆر ئۆێزدالگای ڕێکخەری کۆنفرەنس ڕاگەیاند لە خۆشییاندا خەریک بوو شاگەشکە ببێت.

ئێوارەی رۆژی دووەم، ئێمەی بەشدارانی

کۆنفرەنس، یەک دوو کەسێکی لێ دەربچێت، رووومان کردە خانەقا. پێشەکی سەری ئارامگەی حەزرەتی شێخمان دا. وا رێک کەوت کە بۆ نوێژی خۆرنشین و نوێژی شێوان هەموو چووینە مزگەوتەکەی خانەقا و بەشداریمان کرد. تەنانەت سوێدی و ئەمەریکییەکانیش کە نوێژیان نەدەکرد و مەسیحی و جوولەکەیشیان لەناودا هەبوو، دیسان تا دوایی دانیشتن و تەماشایان کرد، هەر لەو دانیشتنەیشدا زیکری خەفی و زیکری جەهر (یادکردنەوەی بێدەنگ و یادکردنەوەی ئاشکرا) بەڕێوە برا، ژنانی بەشداری کۆنفرەنسیش لە نهۆمی سەرەوە لەگەڵ ژنانی مالّی شێخ و خانەقادا بەشداریی نوێژ و زیکرەکەیان کرد، دواتر شیومان کرد. مالّی شێخ میواندارییەکی یەکجار کوردانەیان کردین.. درەنگانێ بە کۆڵێ کتێب و تەزبێح و دیاریی دیکەوە گەڕاینەوە بۆ ئەستەمبووڵ. پرۆفیسۆر ئوێزدالگا لە پێشەکیی کتێبەکەدا باسی ئەم سەردانەی نووسیوە و کە چاپیش کرا دانەیەکی لە کتێبەکە بە دیاری نارد بۆ خانەقا. سەر لە بەیانیی رۆژی دواتر یەکەم لێکۆڵینەوەهیی من بوو. لەبەر ئەوە ئێوارەکەی پێشتر چووبووینە سەردانی خانەقا و بابەتەکەی منیش لەسەر بنەماڵەی شێخانی سیراجوددین بوو، کارکردێکی یەکجار چاک و کەموێنەی هەبوو.

## شێخانی سیراجوددین: پاشخانێکی مێژوویی

شێخی سیراجوددینی یەکەم، کە دامەزرێنەری بنەماڵەی شێخانی سیراجوددینی هەورامانە، خەلیفەی یەکەم و جێباوەڕی حەزرەتی مەولانا خالد بووە، هەر لە سەرەتاوە تەریقەتی نەقشبەندی بەوە ناسراو بووە کە تەریقەتی زانایان بووە. ئەمە لە لقی خالیدیی تەریقەتەکەدا زۆر ئاشکرا و لەبەرچاوە، مەولانا خۆی زانایەکی گەورە و خوێنەوارێکی فرە لایەنە بووە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری زانایان روویان کردە تەریقەتەکە و لە دەوری مەولانا کۆبوونەوە.

هەڵوێستی مەولانا بەرانبەر دەستەڵات و دەستەڵاتداران هەڵوێستی سۆفییەکی راستەقینەیە و لە زۆربەی نامەکانیدا ئامۆژگارییان دەکات کە لە دەستەڵاتدارانەوە دوور بن. ئەم هەڵوێستەی مەولانا دیارە بەرهەمی بیری پشتگیریی هەژاران و زۆر لێکراوان و راستیپەرستییە. گەلێ جار کە نامەی بۆ والییەکی گەورە نووسیوە، وشە و دەربڕینی وای بە کار بردووە دەڵێی نۆکەر و خزمەتکارێکی خۆی دەدوێنێت، ئەم هەڵوێستە دواتر لای بەشێکی زۆری خەلیفە و مەنسووبەکانی مەولانا رەنگ دەداتەوە و لەشێوەی راپەڕینی سیاسیی شۆڕشگێڕانەدا خۆی دەنوێنێت و لە مێژووی سیاسیی کوردستان و گەلێ ناوچەی دیکەدا بە روونی دەبینرێت، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و بنەماڵەی بارزانی کە رێبەرایەتیی راپەڕینە گەورەکانی کوردستانیان کردووە، هەموو سەر بە تەریقەتی خالیدیی موجەددیدی نەقشبەندی بوون، شێخ شامیلی داغستانی کە دژی تزاری رووس راپەڕیوە مەنسووبی مەولانا بووە، شێخ عەبدولقادری جەزائیری، سەرکردەی شۆڕشی جەزائیرییەکانیش لەسەر دەستی مەولانا تەمەسسوکی کردووە. نموونەی دیکەش هەن.

بنەماڵەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان، کە بە بنەماڵەی سیراجوددینی ناسراون، دیارترین نوێنەری مەولانا خالیدن لەو کاتەوە کە مەولانا لە پاییزی ١٨٢٢دا بەیەکجاری کوردستانی بەجێ هێشت و لە شام نیشتەجێ بوو. بەڕاستی شێخ عوسمانی سیراجوددینی یەکەم (١٧٨١–١٨٦٧) هەر لەو کاتەشدا کە مەولانا هێشتا لە کوردستان یا لە بەغدا دەژیا، گرنگترین خەلیفەی مەولانا بوو، وا پێ دەچێت مەولانا، هەر لە سەرەتاوە بیری لەوە کردبێتەوە شێخی سیراجوددین بۆ ئەوە ئامادە بکات ببێتە جێنشینی خۆی و ئەرکی سەخت و ئاڵۆزی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی لە کوردستاندا پێ بسپێرێت، کە ساڵی ١٨٢٠ مەولانا بۆ دواجار سلێمانی بەجێ دێڵێت، شێخ عوسمان لە خزمەتیدا ناڕوات، بەڵکە دەچێتەوە بۆناوچەی هەورامان لەوێ دەستی کرد بە دروستکردنی بنکەیەکی پتەو بۆ تەریقەت، کە بوو بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی تەریقەتی نەقشبەندی خالیدی لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەرواش مایەوە تا پەنجاکانی ئەم سەدەیە. ئەم ناوەندە نەک هەر بەشدارییەکی کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی باوەڕ و ئامۆژگارییەکانی تەریقەتی نەقشبەندیدا کرد، بەڵکە بوو بەهۆی پەیدابوونی کۆمەڵێ شاعیر کە شیعرەکانیان نموونەی هەرە بەرز و جوانیی شیعری سۆفییانەن. شێخی سیراجوددین لە ١٨٢٠ ـەوە تا رۆژی کۆچکردنی یەکجارەکی لە ١٨٦٧دا هەر لە تەوێڵە و بیارەی هەورامان ژیاوە. لەماوەی نزیکەی نیو سەدەدا شێخ خەڵکێکی یەکجار زۆر بۆ تەریقەت رادەکێشێت. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ناوی ٩٦ خەلیفەو ٣٣ مەنسوبی بۆ تۆمارکردووین، لەناو ئەمانەدا گەلێ زانا و مەلا و شاعیری گەورە هەن، بەڵام دوو دەسەڵاتداری گەورەی ناوچەکەش: ئەحمەد پاشای بابان و رەزا قولی خانی ئەردەڵان.

رۆڵی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان لە بڵاوکردنەوەی‌تەریقەتی نەقشبەندی–موجەددیدی– خالیدیدا لە کوردستانی عێراق و ئێران، سووریا و لوبنان، تورکمەن سەحرا و بۆسنیا هێرزۆگۆڤینا، گرنگییەکی ناوەندیی هەیە، لە بواری فکری و فەرهەنگیدا، هەر لایەنێکی گەشی ١٢٠–١٥٠ ساڵی ڕابوردوو وەربگریت، رەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بۆ ئەو خانەقا و مزگەوتانەی شێخانی سیراجوددینی و خەلیفە و جێنشینەکانیان لە کوردستاندا دایانمەزراندوون.

شاعیری گەورەی کورد سەیید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی : ١٨٠٦–١٨٨٢)، سۆفی و عارف و شاعیر و زانایەکی کەموێنەیە. مەولەوی موریدی شێخی سیراجوددینی یەکەم و پاشان شێخی بەهائوددین بووە. مەولەوی لە پاڵ ئەوەدا کە شاعیرێکی گەورەیە، زۆریش شارەزای فەلسەفە و حیکمەتە. لەم ڕووەوە زۆر لە (مەولەوی، مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی) دەچێت.

مەلا حامیدی کاتب (١٨١٠–١٨٩٢) خەلیفەی شێخی سیراجوددینی یەکەم و دواتریش شێخی بەهائوددین و شێخی زیائوددین بووە. دوو بەرهەمی مەلا حامید سەرنجڕاکێشن و ئەوە پێشان دەدەن کە دەستەڵاتی بەسەر باسەکانی فەلسەفەدا شکاوە. ئەمانە شەرح و لێکدانەوەی (مەسنەویی مەعنەوی)ی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و (گوڵشەنی ڕاز)ی مەحموودی شەبوستەرین.

لەناو خەلیفەو موریدەکانی شێخانی هەوراماندا هەمیشە زانا و شاعیر و عارفی گەورە هەبوونە، کە بە بەرهەم و بە زانستی خۆیان کارێکی زۆریان کردۆتە سەر فەرهەنگی کورد، وەک حاجی سەیید حەسەنی چۆڕی، شێخ محەمەدی مەحوی (١٨٣٠–١٩٠٦)، شێخ سەلیمی تەختەیی کە بە سالمی سنەش ناسراوە (١٨٤٥–١٩٠٩)، شێخ محەمەدئەمینی هەولێری، شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی، شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی، شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد برنده، مەلا مەحموودی بێخود(١٨٧٨–١٩٥٥)، شێخ ئەحمەدی شاکەلی (١٩٠٣–١٩٨٢) و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١ لە دایک بووە).

## ئەنجامگرییەک

لە بارەی ژیان و نەخشی مەولانا خالد و خەلیفەکانی مەولاناوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت جێگای دوورەدەستی وەک ئیندۆنیسیا و باشووری ئەفریقیاوە گەلێ لێکۆڵینەوەی زانستی نووسراون، ئەگەرچی بەداخەوە وا پێ دەچێت نەک بەشی کەمی، بگرە هیچی نەکرابێت بە کوردی.

ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە سێ ڕووەوە بایەخ و کارکردی تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدی خالدی و جێدەستی ڕێبەر و مورشید و خەلیفە و پێڕۆیانی تەریقەتەکە لە مێژووی دینی و سیاسی و فکری و فەرهەنگیی کوردستاندا بە ئاشکرا ببینین، بڵاوبوونەوەی تەریقەت و پێگەیاندنی هەزاران و بگرە سەدان هەزار کەس لە ڕووی ڕۆحییەوە و ڕێنوێنیکردنیان بۆ ڕێگەی خۆشەویستی و بەزەیی و دەست و دەم و داوێنپاکی، ڕێبازێکی هێندە گەورە و پیرۆزە کە تەنیا خوێندنگە گرنگ و مێژووکردەکان دەتوانن دایڕێژن و پەرەی پێ بدەن، لە ڕووی سیاسییەوە ئەوە ئاشکرایە کە سێ ڕاپەڕین و شۆڕشی گرنگی مێژووی مۆدێرنی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی سێ بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی؛ بنەماڵەی نەهری، بنەماڵەی پیران و بنەماڵەی بارزانی هەڵگیرساون. لە بواری فەرهەنگیشدا بێجگە لە مەولەوی و مەحوی، دەزانین دەیان شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیر و مامۆستا و زانای داهێنەر و بەهرەدار بەرهەمی ئەو بزووتنەوە فکری و فەرهەنگییەن کە تەریقەتی نەقشبەندی کردی بە دیاری بۆ مێژووی نەتەوەی کورد. ■